# ئایدیۆلۆژیای کوردی

فوئاد سـدیق

دیاریکردن و گەشەدان بەرەوتی بزاڤی ئایدیۆلۆژیای کوردی، ئەرکێکە لەو ئەرکە گرنگانەی کە ئەمڕۆ خەباتی بۆ دەکرێت و بەوردی لە ریزی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەرییەوە دەژمێردرێت، لەوەش زیاتر دەتوانم بڵێم شۆڕشێکی نیشتمانییەو وڵاتە پێخوست و وێرانەکەمانی پێدەگەشێنەوە.

ئەم بۆچوونەی سەرەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و رۆژئاواش گرنگییەکی تایبەتمەندی خۆی هەیە، جا نەخاسمە بۆ کوردستان کە لەم بارەیەوە قورێکی زۆر خەستمان بۆ گیراوەتەوە هێشتا لە ئەلف و بای ئایدیۆلۆژیای کوردیدا نین...

هەڵبەت لە نێوان بوون و نەبوونی ئایدیۆلۆژیای کوردیدا بۆچوونی جودا هەیە، نەخاسمە کەسیستەمی پادشایەتی لە عێراقدا دەمێکە لە گۆڕنراوەو قۆناخی دەرەبەگیش بە پێی هێندێک بۆ چوونی جودا جودا، گوایا کۆتایی پێهاتووەو سەردەم سەردەمی سەرمایەدارییەو گەلی کوردیش وەک بەشێک لە عێراق ئەم قۆناخانەی تێپەڕاندووەو بیری سەرمایەداری نەک هەر چەکەرەی کردووە، بەڵکە رۆژ لە دوای رۆژیش لە پەرەسندنێکی نەوعی دایە و نموونەشیان بۆ پاساو هێنانەوەی راستی بۆ چوونەکانیان ئەوەیە خەڵکێک هەیە خاوەنی سامان و پارەو پوولێکی ئێجگار زۆرەو تەنانەت سەدان ملیۆن دۆلار بێت و بگرە زۆر زیاتریش و...هتد

ئەگەر چاوێک بە مێژووی قۆناخە یەک لە دوای یەکەکانی خەباتی رزگاری نیشتمانی کوردستاندا بخشێنین دەبینین وردە بۆ رژوای کورد هەمیشە باڵا دەست و لەرێزی پێشەوە بووەو ئەرکە قورسەکە بەشانی بۆرژوای کوردەوە هەڵگیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆرژوای کوردی تا ئەمڕۆکەش بە باشی مومارەسەی قۆناخەکەی خۆی (کە وردە بۆ رژوازییە) نەکردووەو بە تەواوی لە پاشماوەی دەرەبەگایەتی رزگاری نەبووەو وڵاتەکەشی لەم بارەیەوە وڵاتێکی ناسەقامگیرو هەمە چەشنە بووە، ئا لەبەر ئەمە دەبینین هاوکێشەی قوربانیەکانی خەباتی رزگاری نیشتمانی زۆر زۆر بەرفرەوانترو ئەستوور ترو قەبەتر بووە لەوە دەستهێنانی ئەو رزگاری نیشتمانییەو بۆ رژوای کورد بە پێی پێویست و بەشێوەیەکی هاوسەردەمانە نەیتوانییوە مامەڵە لەگەڵ خەباتە سەخت و دژوارەکەیدا بکات و ئەو رۆڵە بەرچاو بگێرێت.

لەبەر ئەم تێکەڵ و پێکەڵیەی نێوان چین و توێژەکان لەلایەک و قۆناخە دەرەبەگی و سەرمایەداریەکە لەلایەکی ترەوە، دەبینین گەشەسەندنی چینەکان نەک هەر زۆر لاوازە،بەڵکو راستەڕێ نییەو، مرۆ ناتوانێت لەیەکتریان جودا بکاتەوە،فەرمانبەر کرێکارەو کرێکار سەرمایەدارەو جووتیار دەرەبەگەو..هتد.

بەبەردەوامبوونی ئەم تێکەڵ و پێکەڵی و ئەو راستەڕێ نەبوونەی رەوتی گەشەسەندنی چین و توێژەکان و لێک ئاڵان و ئامێتە بوون و جێگۆرکێی نێوان چینەکان، گەشەسەندنی سەرمایەداریشی تارادەیەکی زۆر لاوازو بێهێز کردووە وزۆرانبازی نێوان بیری سەرمایەداری و ئەم وەزعەی کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، رێرەوەکە بەلایەکدا دەبات کە رێژەی نەخوێندەواری لە جاران زیاتر بێت و مافە بنچینەییەکان بە هۆی هێندێک کێشەی لاوەکی بی ماناوە لە بیر بکرێن، یاخود هەر نەناسرێنەوەو،پەروەردە و فێرکردن لە داڕووخاندا بێن و جۆرەها دەستەڵاتی مەزهەبی لە نێو کۆمەڵ

دەستــە باڵابن و لە نێـو خـەباتی رزگـاریخـوازە نیـشـتـمـانیـیـەکـەشـدا ئاڵابن و جێ پەنجـەشـیـان لەدیاریکردنی ئایدیۆلۆژیای کـــوردی و چارەنووسی کـــوردەوە دیار بێت و چەندین  دیاردەی پڕ کارەسـات و مەرگەسات ئامـێزی تر سـەر هەڵبـدەن، کە ئایدیۆلۆژیای کوردی و رەوتی ژیانی کورد بەرەو کوێرەوەری و تاریکی و ستەم بەرن.

راستە هێشتا وەزعی کوردستان بەم شێوەیەی لێنەهاتووە وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، بەڵام ئێسـتـاش لەململانی و زۆرانبازی نێوان بیری سەرمایەداری و ئەو بیرە دواکەوتووەی کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، ئاسۆیەکی هێندە روون بەرچاومان ناگرێت، ئەگەر بەپەلە زەمینەیەکی لەباری بۆ نەڕەخسێنین، چونکە کوردستان وڵاتێکی بەربڵاوو فرە نەتەوەیە، لەبەر سەقامگیر نەبوونی رەوتی گەشەسندنی ئابوورییەکەی کە بەتوندی بە ئازادییەوە گرێدراوە،بۆتە زیندانێکی بەرفراوان و گەورە. بەشێوەیەکی ملهوڕی حوکمی کراوە،تا ئەمڕۆش باری دەروونی جەماوەر بەلای عەسکەرتارییەت و شەڕو دزی و ناشارستانیەت دەشکێتەوە، دوای رزگار کردنی بەشێکی فراوانی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، کەچی دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان نەڕەخسێنراوە کە بتوانی خۆی بخاتە ژێر زەڕەبینی رەخنەگرییەوەوچاوێکی ورد بەخۆیدا بگێڕێتەوەو مشتو ماڵێکی خۆی بدات و تۆزو گەردی هەڵە و لەرێلادان لە خۆی داتەکێنێ کە بنەمای ئایدیۆلۆژیای کوردیش لە گەڵیدا گەشەی دەسەندو لە بڕی کوێرەوەری بەختەوەری سەقامگیرو راستەرێ دەبوو.

چونکە سەرمایەداریش هەر بەتەنها بریتی نییە لە ژمارەیەکی زۆری سەرمایەدارو کارگەو کرێکارو چینی کرێکارێکی فێرە سیاسەت و داکۆکی لەمافی خۆ کردوو. سەرمایەداری لە وڵاتێکدا بەوە ئەبێ هێنانە بەرهەمی سەرمایەداریانە، بوو بێت بە بەشی سەرەکی هێنانە بەرهەم و شێوەی سەرمایەداری باڵی بەسەر کشتوکاڵیشدا کێشابی و،باری دەروونی جەماوەریش لەو جۆرە بێ کە لە کۆمەڵگایەکی بەڕاستی سەرمایەداریدا هەیە، سەرمایەداریەتی راستی بەوە دەبێت سەرمایەدارانی ئەو وڵاتە وەک دەرەبەگ نا، وەک تەنهـا تاقـمـێکی چاوچنۆکی پارە کـۆکـردنەوە، با بەدزی و درۆزنیش بێت، نا، بەڵکو بە جۆرێک بجووڵێنەوەکە بەر لە هەرچی عەوداڵی دوای بەرژەوەندی دووری سەرمایەداری و گەشەکردنی سەرمایەداری ومراندنی مێشکی دەربەگانە لەلایەک و بیری کرێکارانە لەلایەکی ترەوە بن... بەوە دەبێت چینی کـرێکاریش وەک چینێکی هۆشـیـار بڕوانێـتـە پێـوەندی خۆی لەگەڵ کـارو کارگەو کۆمەڵ و، لە کاتێکدا کە سوورە لەسەر مافی خۆی و مانی بۆ دەگـێڕێت و خۆپیشـاندانی بۆ ئەکاو لە گرتن و لەکار دەرکردن ناترسێ لەسەری، لە هەمان کاتدا سووریش بێ لەسەر گەشەکردنی کارو کـارگەو، دوژمنی خۆی لەکـارو کـارگەدا نا، بەڵـکو لە خوێنمژین وبیـری سـەرمـایەداریدا بەدی بکات.

بەڵام بۆرژوازی کوردستـان لەبەر ئەوەی هێشـتا عـەقڵـێکی سەرمایەداری نییە و لە جیاتی ئەوەی بیـر لە دروسـتکردنی پڕۆژەی هەمـە جـۆر بکاتەوە، عـەقـڵـی تەنهـا بۆ بـازرگـانـی دەچێت و هەمـوو قازانجەکەی لەبازرگانیکردنەکەیدا دەبێت، نەک لە دامەزراندنی پڕۆژەی پیشەسازی گەورە کە دوای چەندین سـاڵ ئینجـا بەرهەمـەکـەی دەسـتـبکەوێت. بەڵکو هێندە نەفـەس کـورتە دەیەوێت بە هۆی بازرگانیەکەوە لە ماوەیەکی زۆر کورتی چەند رۆژیدا قازانجێکی زۆر بکات، بازرگانیکردنیش هیچ پەیوەندییـەکی دوورو نزیکی بە بیـری سـەرمـایەدارییەوە نیـیـەو، هەزاران سـاڵە کـاری بـازرگـانیکردن هەبووە، لە کاتێکدا سەرمایەداری هەر بوونیشی نەبووە. بە هۆی ئەو بارە ئابوورییە شێوێندراوەی کە ئەمڕۆ لە کوردسـتـاندا جێگیـرە، ئایدیۆلۆژیای کوردیش لە حاڵەتێکی دژواری مەمرەو مەژیدا هەناسە

دەدات و، دەتوانم بڵێم تا ئێستاش ئایدیۆلۆژیای کوردیمان نییە.
ڕۆژانە سەدان کتێبی سێکسی بە عەرەبی نوسراو،کتێبخانە کوردیەکانیان پڕ کردۆتەوەو دەشفرۆشرێن و کورد دەیانخوێنتەوە، بەڵام هێشتا ڕەوا نەبووە یەک کتێبی بە کوردی نووسراو یا وەرگێردراو بۆ سەر کوردیمان لەسەر سێکس هەبێت، ڕۆشنبیرێکی ناسراو شتێکی زۆر سەرەتای(دوور لە سێکسی) بڵاو کردەوە، بەڵام تاریکپەرستەکان شەهیدیان کرد، کە چی یەکێکی وەکو نیتشە(مەرگی خواکان) دەنووسێتەوەو بەکارێکی ئیبداعیشی دادەنێن. بیری مارکسیزم سەدەیەکە لە کوردستان و لە عێراقدا بڵاو بۆتەوەو بەڵام هێشتا نە لەمارکسیزم دەزانین و نەلەخەلیفە ڕەسەنەکانیشی. تەنانەت خودی ئەو حیزبانەی کە گوایا پێڕەوکەری ئەویشن لێی کۆڵەدارن.
کارەساتە یەک ئاڵتۆسێر، یەک حسین مروە، یەک مەهدی عامل، یەک میشیل فۆکۆو...و..مان نییە.
هێشتا فیکرو ئایدیۆلۆژیای کوردی ڕێڕەوی خۆی وەرنەگرتووەو فرێ دراوەتە دەرەوەی بازنەی شانۆی ململانێی هەمە چەشنەی مێژوو، لە کاتێکدا نیشتمانی کورد ئەمڕۆ کانگەی ململانێی سیاسەتی نێودەوڵەتییەو تەنانەت فیکری زۆر نامۆش خەریکە دەچۆڕێتەوە نێو هەست و هزری کوردەوە، چ لە بارەی توندڕەوی ئایینی کە بەردەوام کۆمەڵەو گرووپی زۆر توندڕەوی لێدەکەوێتەوە، چ فیکرەی بەسەر چووی خێڵەکی و دەرەبەگی کە خەریکی زیندوو بوونەوەن و لە گۆڕەپانی ململانێکادا بە شێوەی ڕێکخراوی سیاسیش هەن. هەڵبەت لە نێو ئەو ململانێ دژوارەشدا، لێرەوە لەوێ فیکری ڕۆژئاوایی دزەیکردۆتە نێو کۆمەڵگای کوردی، بەڵام ڕاستیەکەی زۆر لە سەرەتا دایەو، ماوەیەکی دوورو درێژو پڕ لە هەورازو لێژی ململانێی گەرەکە. چونکە تا ئێستا ئێمە وەکو کورد لە نێو کۆمەڵێک تەنگژەی قووڵ گینگڵ دەدەین، ئەو تەنگژانەش دابڕاون لەرەوتی بەرەو پێشڤە بردنی ژیانی شارستانی و ئایدیۆلۆژیای و لێکدانەوەیەکی نوێی گۆڕانکاریە تازەکان و...هتد.
دەبا لێرەوە بپرسین، نازانم ئێمە کێین و ناسنامەی زاتی نەتەوەکەشمان چییە؟ چیمان بەکردەوە وەدەست هێناوەو کوا ئاسۆی بینینی نەتەوەکەمان؟ تەکنۆلۆژیا؟! باشە چۆن دەتوانین پێی بگەین؟ لیبرالیەتی ڕۆژئاوایی؟ ئەی چۆن چارەسەرو بنەبڕی توندڕەوی ئایینی دەکەن؟! باشە کە ئێستا ئازادی فیکرمان نەبێت،چۆن دیموکراسی بەرقەرار دەبێت.
دیموکراسی و لیبرالی چین، دوو ئایدیۆلۆژیایی جوداو تێکەڵیشن، بەڵام ئێمەی کورد هێشتا نامۆییان لێدەکەین و ئاشنایان نەبووین.
ڕاستیەکەی پرسیارەکان زۆرن و بەردەوام زیاتریش دەبن، هەر ڕاستیەکیش بوومەلەرزەیەکی شاراوەیەو بە هەموو تەبەقەکانی زەویدا شۆڕ دەبێتەوەو هیچ هێزێک خۆی لەبەر ناگرێت، تەنها عەقڵی نوێی شارستانی ئامێز نەبێت....
ڕاستە ئەرکی کورد زۆر قورسە، بەڵام لە بیریشمان نەچێ ڕێگای هەزار میلی بە هەنگاوێکی بچووکەوە دەست پێدەکات.کوردینە دەبا دەست پێبکەین.